# فادیمە شاهیندالْ مرۆڤێکی سروشتی و مێژوویی بوو

مەهاباد قەرەداغی



لە دەروونناسی کۆمەڵایەتیدا مەبەست لە مرۆڤێکی سروشتی و مێژوویی ئەوەیە کە ئەو مرۆڤە: زانیاریخواز، چالاک، لێکدەرەوە، هەستیار و کۆمەڵایەتی بێت. لە ناو جەستەی ئەم پێناسەیەدا تەنیا مرۆڤێکی ئازاد دەتوانێ بژی. مرۆڤی ئازاد، مرۆڤێکی مێژوویی و سروشتییە. ئەو مرۆڤەی ئازادییەکانی خۆی تەی نەکات و خۆی بە کۆیلەی کەسانی تر بزانێ، لە جیهانی ئەو پێناسەیە بێبەری دەبێ.

ژن، بەهۆی جەستەیەوە کە لە سایەی حوکم و کاریگەرییەکانی سیستەمی باوکسالارییەوە کراوە بە شتێ لە شتەکانی بنەماڵە و بە تایبەتی نێرینەکانی بنەماڵە، لە گەیشتن بە پلەیەکی مرۆڤایەتی کە بیکات بە شایستەی ئەوەی لەو پێناسەیەدا جێگەی بێتەوە کە بۆ مرۆڤێکی سروشتی و مێژوویی پێویستە، زۆر دوور خراوەتەوە.

فادیمە شاهێندالْ، ئەو ژنە بیست و شەش ساڵییەی کە لە یەکەمین مانگی ساڵی ڕابردوودا، ٢٠٠٢، لە شاری ئۆپسالای وڵاتی سوێد دا، بە دەستی باوکی بە پاساوی شەرەف تیرۆر کرا، ژنێک بوو لەناو ئەو پێناسە جوانەدا کە بۆ مرۆڤێکی سروشتی و مێژوویی دەکرێت جوانترین جێگەی هەبوو.

چوونکە فادیمە مرۆڤێکی: زانیاریخواز، چالاک، لێکدەرەوە، هەستیار و کۆمەڵایەتی بوو.

یەکێک لە پرنسیپە هەرە سەرەتاییەکانی ئەو دۆخەی مرۆڤ ئەوەیە کە بە ئازادییەوە هاوسەر بۆ خۆی هەڵبژێرێ، فادیمەش ئەو پرنسیپە زۆر ئاسایی و سەرەتاییەی لە ژیانی خۆیدا تەی کرد. بەڵام داب و نەریتێ کە پێناسەیەکی تری پێچەوانەی ئەو پێناسە زانستییەی هەیە بۆ ژن، داب و نەریتێ کە دەخوازێ ژن زانیارینەخواز و کەمجووڵە و ڕانەمێنەر بێت، داب و نەریتێ کە دەیەوێ ژن سنووردار بێت، بێ هەست بێت بەرامبەر بە مافەکانی خۆی و دەیەوێ ژن دەستەمۆ و بێداخوازی بێت، ئەو داب و نەریت و، یاسا و ڕێسا لەمێژینانە باوکی فادیمەیان کرد بە تیرۆریستی کچەکەی خۆی.

لە سایەی ئەو داب و نەریتانەدا، کە ئەفسووس زۆر مرۆڤی نامێژوویی و ناسرووشتی بۆ مانەوەی خەبات دەکەن، فادیمە دوا قوربانی نابێ ! ژنانێ، کە ئەفسووس لە ژێر ڕەشماڵی بیری باوکسالاریدا بوونی خۆیان لە پاشکۆیەتیدا دەبیننەوە و، تەفرەدراون، هیچی تر ناکەن جگە لەوەی خۆیان لەو پێناسەیە دوور دەخەنەوە کە دەبێ مرۆڤێکی سروشتی و مێژوویی هەیبێ.

فادیمە شاهێندالْ، ئەگەر چی تەمەنی کورت بوو، بەڵام لەو تەمەنە کورتەدا وەک ژنێکی خاوەنی ناسنامە ژیا. ئەو ژنانەی کە ئاو دەکەن بە ئاشی کلتووری پیاوەمەزنکەر و ژن نزمکەری باوکسالاریدا، ڕەنگە تەمەنیان زۆر درێژ بێت، بەڵام زەلیل و بێناسنامەن.

**ئەگەرچی دواکتێبی خۆم پێشکەش کردووە بە ڕۆحی مۆمئاسای فادیمە، پێم باش بوو لە ساڵیادی جوانەمەرگبوونیدا چەپکێ وەنەوشەی وشەی بۆ دەسکەنەکەم و لەسەر گڵکۆی ئەم یادە غەمناکەدا دایبنێم.**

**٢٠٠٣-١-١٨**

**ستۆکهۆڵم**

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە.... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... ٢٠٠٣-١-١٥